سەرجەم ئەو هۆکارانە بزوتنەوەکەیان بەرەو لاوازبوون و دواتر تێکشکاندن و لەناوبردنی برد و کۆتایی پێهات.

## شۆڕشی کۆیلەکان:

یەکێك لەو شۆڕشانەی بۆ ماوەی چوارده ساڵ خەلافەتی عەباسی هەژاند و مەترسی بۆ دەسەڵات و شەرعیەتی ئەو خەلافەتە دروستکرد، شۆڕشی کۆیلەکان بوو، ئەو شۆڕشەی کە لەنێوان ساڵانی ٢٥٦-٢٧٠ ك / ٨٦٩-٨٨٣ ز لەباشووری شاری بەغدادی پایتەختی خەلافەتی عەباسی و لەدوا رۆژەکانی خەلافەتی سیانزەهەمین خەلیفەی عەباسی ( موعتەزد باللە) سەری هەڵدا و لەسەردەمی خەلیفە (موعتەمد باللە)ی عەباسی و پاش چەندین هەوڵ و بە شێوازێکی نامرۆڤانە دامرکایەوە.

مەبەست لەکۆیلەئەو چینە زۆر لێکراوە بەرگەگرەیە، کە توندوتیژی و تورەیی و پەلاماری خۆ رزگارکردنیان ئاگری یەکەمین شۆڕشی جیهانیان بەرپاکرد، بە واتایەکی تر ئەو مرۆڤە کەم دەست و زۆر لێکراوەیە، کە لەسەرجەم مافەکانی ژیان بێ بەری کراوە و وەکو کالآیەکی بێ گیان یان بێ ژیر مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و یاریکردن بە چارەنووسیان پێدەکرێت، کۆیلەش سروشتی یەکەمین ژیانی بەرەی مرۆڤایەتی بووە لەسەر زەوی و هەر ئەو سروشتەش و لەو بارودۆخەدا لەسەردەمێکی قۆناغی مێژووی ناوەڕاستدا دووبارە بووەوە.



## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکە:

کاتێك دەمانەوێت هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئابووری - سیاسی - کۆمەلأیەتی دەستنیشان بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکە تا بە هۆیەوە لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی تێبگەین.

سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە خەلیفە عەباسییەکان بەر لەخەلیفە موعتەزد باللەکەوتنە کۆچکردنی هەزاران مرۆڤی رەش پێست و راگواستنیان لەبەری خۆرهەلأتی ئەفریقاوە بۆ باشووری عێراق، تا لەو زەوییانە کاربکەن، کە باشترین دەرامەتی بۆ خەزینەی خەلافەتی عەباسی دروستکردبوو، ئەوەش زەوییە کشتوکاڵییە بە پیتەکانی باشووری عێراق بوو، کە بە دەست گرفتی شۆرەکاتەوە دەینالأند، سەرەتا ئەو رەش پێستانە کرانە کۆیلەو لەبازارەکانی دەوڵەتی عەباسیدا مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێکرا و نرخی هەر کۆیلەیەك (٣٠ - ٣٥) دینار بوو، ئەم مامەڵەکردنەش وای کرد، کە بە کۆمەڵ بکرێنە ئامرازێك بۆ پاککردنەوەی زەوییەکانی باشووری عێراق لەخوێ تا ببنە زەوی کشتوکاڵی بەپیت، ئەوەبوو کۆیلەکان خرانە سەر ئەو زەوییانەی گرفتی شۆرەکاتی هەبوو و داوایان لێکرا زەوییەکان لەخوێ پاك بکەنەوە و دواتر بە رەشە ولأخەکان بۆ بازارەکانی کڕین و فرۆشتن بیگوازنەوە، لەبەرامبەر ئەو کارە سەختەدا کە رۆژانە شانزە سەعات کاریان پێدەکرا، کرێی



کارکردنیان تەنها خورما و ئارد بوو، هۆکاری بەکارهێنانی ئەو کۆیلانەش بۆ ئەو کارە سەختانە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە توانایەکی جەستەیی باش و توانایەکی بەرگری لەگەرمای تیشکی خۆری باشیان هەبوو، لەبەرامبەر کرێیەکی کەم و کارێکی زۆر و دەسکەوتێکی باش.

ئەو ژیانە سەختەی کۆیلەکان و چەوسانەوەی لەرادە بەدەریان و زەوتکردنی سەرجەم مافەکانیان، وای لێکردن بکەونە خۆیان و سنوورێك بۆ ئەو ستەم و چەوساندنەوانە دابنێن، ئەوەیش یارمەتی دان بە کۆمەڵ کردنیان بوو لەو زەوییە کشتوکاڵیانە، کە بە تەنها لەکەنارەکانی رووباری دیجلەنزیکەی پانزە هەزار کۆیلەبە کۆمەڵ کاریان پێدەکرا، ئەم کۆبوونەوە گەورەیە کۆیلەکانی وا لێکرد بکەونە خۆیان و رابەرایەتی شۆڕشێکی گەورەی چینایەتی لەسەر سنووری دەسەلأتی عەباسی بکەن، ئەوەبوو لەساڵی ٢٥٥ ك/ ٨٦٩ ز کۆیلەکانی باشووری عێراق لەپێناو چککردنی باری ژیانیان و نەهێشتنی کۆیلایەتیدا، راپەرینێکی مەزنیان لەدژی دەوڵەتی خەلافەت بەرپاکرد و کەوتنە خۆیان تا زەوییە کشتوکاڵییەکان بەجێ بهێڵن و دەست بدەنە راپەرین.



## بەرنامەی شۆڕشەکە:

سەبارەت بە بەرنامەی شۆڕشەکە یان نەخشە و پلان بۆ پیادەکردن و بەئەنجام گەیاندنی شۆڕشەکە، شتێکی وەها لەبەر دەستدا نییە و وردەکاری بەرنامەکانی شۆڕشەکە بسەلمێنێت . ئەمە و لەلایەکی ترەوە هەلأیسانی شۆڕشێك، کە کۆمەڵێك کۆیلەبەرپای بکەن و خاوەنی کەمترین ئەزموونی شۆڕش نەبن بەرەنگاری دەوڵەتێکی بەهێزی وەك دەوڵەتی عەباسی بکەن و بۆ دەستەبەرکردنی کەمترین مافەکانی خۆیان دەستیان دابێتە شۆڕش، ئاساییە بەرنامەیەکی وەهایان نەبێت شۆڕشەکەی تیا پیادە بکەن، بەلأم سەرباری هەموو ئەوانە پێناچێت شۆڕشێك چواردە ساڵی خایاندبێت و لەماوەیەکی وەهادا چەندین هێرشی سوپای عەباسییەکانی شکاندبێت بێ بەرنامە بووبێت، گەر سەرەتایش بێت، دیارە سەرکردایەتی شۆڕشەکە لەلایەن کەسایەتییەکی رۆشنبیر و لێهاتووی وەك ( عەلی کوڕی موحەمەدی بورقوعی) بە جۆرێك لەو بەرنامانە دابنرێت، کە شۆڕشەکە پیادەی کردووە، چونکە شۆڕش بەبێ سەرکردە بە جۆرێك لەبێ بەرنامەی دادەنرێت، هەروەها هەوڵەکانی کۆیلەکانی بەسرە بۆ داواکاری جوتیارانی ناوچەکە تا هاوکارییان بکەن، خۆی لەخۆیدا بە جۆرێك لەرێکەوتنامەی سیاسی و کۆمەلأیەتی دەزانرێت، شێوازی هێرشی کۆیلەکان بۆ سەر زەوی و سامان و سوپای عەباسییەکان جۆرێك لەبەرنامەیەکی رێك و پێکی پێوە دیاربوو، لەوانەش لەکاتی هێرش کردنیان بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەتی